کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-9-2007 23:06 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**کامپین بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی نیشتمان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموومانە. ... هیوا شوانی**

کوردەکانی تاراوگە ئەگەرچی بە جەستە لە نیشتمان دوورن بەڵام بە ڕۆح هەر لە کوردستانن و لەگەڵ



خۆشی و ناخۆشیەکانی دەژین هەموو سەرکەوتنێک و بەرەو پێشچونێک لە نیشتمان ئاسودەیی بەمان دەبەخشێ و هەموو شکست و نالەباریەک ئازاریان پێ دەبەخشێت، هەر هۆکارێک وای کردبێت ئەم ڕۆڵانەی کورد دووره وولات ببن نەیتوانیوە خۆشەویستی گەل و نیشتمانیان لێ زەوت کات هەر بۆیە هەمیشە لە خەمی گەل و نیشتماندان. ئەمڕۆش کە گەورەترین خەمی کورد خەمی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانە، کوردەکانی تاراوگەش خەمخۆرانە ووێڵن لە دووی چارەسەر تا بتوانن بەشێک بن لە تیماری ئەو زامە بە سوێیە. بەشێک لە نیشتمان کە بە درێژایی سەدەیەک گەورەترین قوربانی بۆ دراوە و کوردی لەسەر جینۆساید کراوە و کورد هەرگیز دەسبەرداری نابێت وا ئەمرۆش گەورەترین کێشەو

ململانێی لەسەرە و کوردەکانی دورە وولاتیش بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە بە گژ پلانی دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەماندا بچنەوە لە هەموو ئەو پلانانەی کە دوژمنانی گەلی کورد ئەیانەوێت گەلە ستەمدیدەکەمان بەهەرشێوەیەک بێت ئەم ئەزموونە ی گەلەکەمان لەناوبەرن، ڕەنجی یەک سەدەمان و، خوێنی 182 هەزار ئەنفال و 5 هەزار کیمیابارانی هەڵەبجە و، جگە لەوەی کەناتوانن ئەوهەموو پێشمەرگەیەی کەلەپێناوی خاکی کوردستان، بێ هیچ گوێدانە بەرژەوەندی خویان بەوپەری گیانی لەخۆبوردووە وە خویان کرد بەقوربانی کەرکوک و کوردستان فەرامۆش بکەن ئێستاش کە زەنگێکی خەتەرناک لەناوچەکەدا لێدەدات ئەبێ کورد زۆر هوشیاربێت لەم زەنگە بۆ ئەوەی کە ئەمجارەش یەک سەدە نەگەڕێینەوە بۆ دواوە لە

نیشانە کانی ئەم زەنگە خە تەرناکە، کە ئێستالێ دەدات لە ناو چەکەدا

(1) هەر لەسەرەتاوە کە ناوچە دابراوەکانی کوردستان و کەرکوک خرایە مادەی 140 لە کاتی دانانی دەستوردا کە سەرکردایەی کورد قەبوڵێ کرد، وەبەپێچەوانەوە لە ناو کەرکوک دەور بەری، نەیان توانی پلانێکی باش دابنێن بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوک بەهەموو پێداویستیەکانیەوە، یان هاوکاریەکی تەواوی خەڵکی ناوچەکان بکەن بۆ گەرانەویان بۆ شوێنی باو باپیرانیان وە لە ناوچەکانی گەرمیان و هەموو ئە ناوچانەی کە ئەبوایە هەر زوو پلانێکی پتەویان بۆ دابرشتایەو بە هەموو ئیمکانیاتێکەوە کاریان بۆ بکردایە بەڵام ئەفسوس؟؟

(2) یان لەناو کەرکوک دا بەتایبەتی ململانێ حیزبایەتی کردن گۆڕینی ئەقلیەتی کوردایەتی بۆ حیزب وحیزبایەتی، یان شانازی کردن بەوەی ڕێژەی ئەندامە کانیان لەکەرکوک بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، هەر بەم شیوەیە کارکردنیان لە شاری ناوبراو و ناوچەکانی تری کوردستان و ڕێک نەخستنەوەی ماڵی کوردی لەماوەیەکی نزیکدا بۆ خەم خواردنێکی گەرم بۆ سەرجەم کوردو کوردستان،

(3) ئەبوایە کار وپلانی باش دابرژرایە بۆکەمکردنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەی ناوچەکە و گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ناوچەکانیان، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێستا سەرجەم ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و زۆر لەوانی تریش کەبەگوێرەی فەرمانێکی ئەم دواییەی ناوچەکە لە کوردستان ڕێژەی (عەرەب) لە سەتا 13% زیادی کردوە بووە بە عرەبنشین، بەم جۆرە بڕوات تا 20 ساڵی تر کودستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-9-2007 23:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەبێت بە* (عەرەب) بستانی دووهەم، هەتا ئیستا لە زۆر ناوچەکانی کوردستان ژن و ژن خوازیان لەگەڵ دادەکەن ئەمەش نەریتێکی نەشازە بۆ تەعریبکردنی کوردستان بەگشتی!

(4) لەو کاتەی کەسەرکرایەتی کورد چووەتە بەغدا هەمووتوانایەکی خۆی خستۆتەگڕ بۆ ڕێک خستنەوەی ماڵی عەرەبی و کوڕی خۆمان کرد بەقوربانی کچی خەڵکی هەموبایەخدانێک بەعەرەب و هەمووکەمەنەتەوایەتەکانیتر، ئەمە کارێکی باشە بەڵام نەک ئاگات لەماڵی خۆت نەمێنێت و، خەڵکی کورددستان بەشێوەکی بەرچاو لەم کارانە سەرسورمانێکی بێ ئە ندازەی لا دروست دەبێت.

(5) هەر بۆ جارێکیش بوایە سەرکردایەتی کورد بۆ نیشاندانی هەڵوێست بۆ دووژمنان کە ئەگەر بۆ کارەکانی ناوچەدابراوەکان مادەی140 بەباشی بەڕێوە نەچێ ئەوا کورد لە بەغدا دەکشێتەوە بەم هەڵوێستە دووژمنان، ڕادەچڵەکێنێت و حیسابێکی وردتر بۆ سەرکردایەتی کورد و دەکرا.

(6) خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد ئێستا زۆرترین متمانەی خۆی لە کوردستان لەدەستداوە چونکە باسی کوردایەتی لای هەرکەس دەکەیت زۆر بە وەڵامێکی ناخۆش وەڵامت ئەدەنەوە پێت ئەڵێن ئەمانە زۆریان هەر خەریکی گیرفان پرکردنن وخۆیان بەبرپرسی میلەت نازانن ئەمەش کارێکی زۆر خەتەرناکە چونکە هیچ لەوە مەترسیدارتر نیە کە حوکومەت متمانیەی گەلەکەی لەدەستبدات مانای ئەوەیە کە باوەڕیان بەو حوکومەتە نیە، هۆیە کەشی پرسیارێکە ئەبێت دەسەڵات وەڵامی بداتەوە.

(7) ڕووداوە کانی ئەم دواییەی ناوچەکە کە وڵاتانی دراوسێ بەهەموو شێوەیەک ئەیانەوێت ناوچەکە بشێوێنن بە تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان و ئاوارە بوونی زۆر خەڵکی ناوچەکە. باشە ئەگەر کورد لە بەغدا خاوەنی حوکومەتن بۆ هەڵوێستێکی تۆزێک ڕەق وەرنەگیرا؟

ئەمانەو زۆر هۆکاریتر هانی کوردەکانی تاراوگە دەدەن کە جۆرێک لە خەبات هەڵبژێرن کە لەگەڵ رەوش و توانایان بگونجێت بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەش لە رێگای کەمپینێکی فراوانەوە، بۆیە هیوا خوازین کە هەموو کوردێکی ئەمەکدار بە کوردو کوردستان لە دەوری کەمپین کۆببەتەوە و تواناکانمان یەکخەین لەو پێناوە. ئەم کەمپینە بۆ ئەوەبێت کە ئێمەی کورد هەموو پێکەوە. بەرگی نیشتیمان پەروەری کوردایەتی لەبەرکین و جیدی هیچ کوردێک بیر لەوەنەکەیی نەوە کەبەس بۆ حیزبایەتی کاربکینن. بەم هەڵوێستە کوردانیە هەم ماڵی کوردی بەهێزدەکین. وە بەهێزبونی حوکومەتی کوردیە وە بەپێچوەنەشەوە ئەگەر حوکومەتی کوردی سستیەک هەبێت لە باش بەروپێش نەچونی کارەکانیان واکو پێویست باش بەن بەخۆیان چونکە کات لە بردەم دا زۆر کەم ماوە بۆ گەێشتن بەئامانجەکانی کەلی ستەم دیدەی کورد. لەکۆتایی دا بەو وەشی فرهاد کەدەڵێت. کەرکوک توبی خوانەخەویت دەستت دەگین و نەکەوییتت.

6 .9 .2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.